# دیمانه لەگەڵ (ستیڤان شەمزینانی – بەهێز حسێن )

**ستیڤان شەمزینانی : لەسەر بڕینی مینحەی ڕۆژنامە ئازادەکان دوورنییە گروپی راچەنین خۆپیشاندان سازبکات**

**بەهێز حسێن : کۆنگرەی ئەمجارەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان جگە لە پارە خەرجکردن و شەرعییەتدان بە ناشەرعییەکی گەورە هیچی تر نابێت**




**دیمانە : ئاسۆ عوسمان**

**رەوشی ڕۆژنامەگەریی لەمڕۆی کوردستاندا لەهەمووکات زیاتر بەقۆناغێکی دژواردا تێدەپەڕێت ، ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تووشی کێشەو چەرمەسەریی زۆر دەبن لەکارەکانیدا دەتوانین بڵێین مەحرومترین توێژی کۆمەڵایەتی توێژی ڕۆژنامەنووسانن ، بوونی سەندیکایەکی زەردی حیزبیی کەنەیتوانیوە خواست و مافەکانی ڕۆژنامەنووسان بهێنێتەدی نارەزایەتی زۆری لەنێوەندی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا دروست کردووە ، گروپی راچەنینی ڕۆژنامەوانی وەك کاردانەوەیەك لەبەرامبەر ئەم سەندیکایەدا خۆی راگەیاندو لەماوەی چوارمانگی رابردووی تەمەنیدا چەندین کاری مەزنی بەئەنجام گەیاندووە ، نووسینەوەی میساقی شەرەفی کاری ڕۆژنامەنووسی یەکێك بووە لەکارەمەزنەکانی ئەم گروپە کەتائێستا سەندیکای ڕۆژنامەنووسان نەیتوانیوە دەستی بۆ ببات .**

**(ستیڤان شەمزینانی – بەهێز حسێن ) وەك دوو ڕۆژنامەنووسی کارای نێو گۆڕەپانی ڕۆژنامەنووسی کوردیی و دوو ئەندامی دەستەی باڵای گروپی راچەنین لەمەڕ کۆنگرەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و بڕینی مینحەی میدیای ئازاد لەدیمانەیەکی کورتدا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانیان داینەوەو بەمشێوەیە لەبارەی چالاکییەکانیان کەلەو راستایەدا پێی هەڵدەستن دوان .**

**ئاسۆ:** ساڵی رابردوو شاهیدی دەیان پێشێلکاریی مافەکانی ڕۆژنامەوانان بووین ، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش لەبەرامبەر پێشێلکارییەکاندا بێدەنگ بوو ، ئێستا ئەم سەندیکایە لەسەروبەندی کۆنگرەی خۆیدایە پێتوایە لەدوای کۆنگرە سەندیکا ئەدای کارەکانی بگۆڕێت بەقازانجی ڕۆژنامەوانان ؟

**ستیڤان شەمزینانی :** کارەساتەکە لەوەدانییە دەستەلاتێکی دیکتاتۆریی وەك ئەوەی کوردستان ڕۆژنامەنووس دەگرێت و فشاری جەستەیی و ڕۆحیی دەخاتە سەر ، کارەساتە راستەقینەکە لەوێیە

سـەندیکایەکی زەردی وەك سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان لەسـایەی ئـەو حکومـە دیکتاتۆرییـەدا دەستکەوتە وەهمییەکانی ئازادیی دەژمێرێت و وەك مەکرەمە نیشانی تاکی رۆژنامەوانی کوردی دەدات .

ئەگەر بێمە سەر نـاوەڕۆکی پرسیارەکەت ، وەڵامەکە زۆر روون و ئاشکرایەو لـە پـوختترین دەربڕینـدا پێموانییـە ئەم کۆنگرەیە وزەی ئەوەی تیابێت شێوەی کارکردنی باو و میکانیزمی هەڵسوڕانی سەندیکای رۆژنامەنووسـان بگۆڕێت ! بەڵام پێش ئـەوەی گرنگـی بدەین بـە بواری گـۆڕینی میکانیزم و جۆری کارکردنی سەندیکا هەقوایـە بەبایەخەوە تەماشای ستراتیژی خودی سەندیکا بکەین ، ئاخۆ ئەم سەندیکایە هەڵگری کام پەیامە و جۆگەی ستراتیژی دەڕژێتە رووباری ئازادیی رادەربڕینەوە یان ئاوەڕۆی دەستەڵاتەوە ؟ سەرنجی هەرە گرنگ لەوێیـە ئایا سـتراتیژی کـارکردنی داکۆکیکردنـە لـە مافـە پیـشەییەکانی تـاکی رۆژنامـەنووس یـان پاسـاو هێنانەوەیـە بـۆ سەرکوتگەریی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی چەشنی ئاسایش و پۆلیس و سلکەکانی تری ئەمنی ؟ گرنگترین لایـەن کەپێویـستە ئێمـە بـیری لێبکەینـەوە ئەوەیـە ئایـا ئیرادەیـەکی بـەهێز و راسـتگۆ هەیـە بـۆ گـۆڕینی ئـەم گردبوونەوەی نوێنەرانی حیزبەکانی کوردستان بۆ سەندیکایەکی پیشەیی و کارا؟ بێگومـان نـەخێر ، کەوابوو وەڵامی پرسیارەکەت هیچ ئاڵۆزییەکی تیانییە و کەمترین دەرککردن بەسە بۆ ئەوەی بزانین ئەم کۆنگرەیەش وەك هـەموو ئـەو کـۆنگرە و کۆنفرانـسە سـەیرو سەرسـوڕهێنەرانەی رۆژانـە لـە کوردسـتان سـاز دەکـرێن و هیـچیش لەبارودۆخی راوەستاوی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ناگۆڕن تەنیابەشێك دەبێت لە دیکۆری ئەو دیموکراتییەتە لەنگەوقووچەی لە باشووری کوردستاندا بانگەشەی بۆ دەکرێت .

واقیعەکـە بـەدەنگی بـەرز پێمانـدەڵیت : پێویـستە دەسـت لـەوە بـشۆین ئـەم کۆنگرەیـە بتوانێـت بەعەسـایەکی جـادوویی هـەموو سـتراتیژ و تـاکتیکی رابـردووی سـەندیکا کەلەخزمـەتی حیـزب و دەسـتەڵات و دژی رۆژنامەنووسـان بـووە بگۆڕێـت بـۆ پێچەوانەکەی ، ئەگـەر ئـەرکێك لەبـەردەمی ئێمـەی رۆژنامەنووسـانی ناڕازیـدا هەبێت بریتییە لە هەڵوێست وەرگرتن و بایکۆتی ئەو کۆنگرەیە ، بەڵام هێشتا ئەمە هەموو ئەرکەکە نییە ، بەشی هەرە گرنگی کاری ئێمە پێکهێنانی سەندیکایەکی راستەقینە و پیشەیی دەبێت نەك سەندیکایەکی حیزبیی .

لەبەرئـەوە بـاری سـەرنجی مـن لەسـەر ئەوەنییـە ، سـەندیکا لـەکام لاو لایەنـەوە گـۆڕانکـاریی لـە پێکهاتـەی خۆیـدا دەکات یان چەند ریفۆرم دەکات لەهەندێ میکانیزمی کارکردن ! چونکە هەرچییەك بکات ناتوانێت لـەژێر رکێفـی حەزوخواستەکانی حیزبەکانی کوردستان دەربچێت ، دیارە هـەمووشمان دەزانین هەریـەك لـەو حیزبانـە دوژمنـی باوەکوژی ئازادیی رۆژنامەنووسیی و رۆژنامەنووسیی ئازادن .

من دەمەوێت رۆژی کۆنگرەی سەندیکا بکەین بـەرۆژی مـانگرتن و ناڕەزایـەتی نیـشاندانی تونـدو شـێلگیر لـەدژی ئـەو سـەندیکا زەردە ، ئـەو سـەندیکایەی نـەیتوانیوە بـچووکترین رووبـەر و کـەمترین دەرگـای داخـراو بکاتـەوە بەڕووی ئازادیی رۆژنامەوانیی کوردیدا و نەیتوانیوە لاوەکیترین ئیمتیازات بەدەست بهێنێـت بـۆ رۆژنامـەنووس، ئەو سەندیکایەی دەستەیەکی دیاریکراو لەهەرەم و ئاستی بالأیدا کردوویانەتە کۆمپانیایەکی گەشتیاریی و هەر رۆژەی سەفەری ولاتێکی ناوچەیی و جیهانیی پێدەکەن ، ئەو سەندیکایەی لەبەر سەرقاڵی بە زەوی وەرگرتنـەوە نایپەرژێتە سەر داکۆکیکردن لەمافی رۆژنامەنووسی ماف خوراو و ستەملێکراو ، ئەو سەندیکایەی لەبری ئـەوەی دەستێکی یارمـەتی و پشتیوان بێت بۆ رۆژنامـەنووس دەسـتی خستووتە نـاو دەسـتی ملهوڕترین حکومـەت و سەرکوتگەرترین حیزبەوە .

وەلأمەکەم لەوەدا کورت دەکەمەوە : ئەم کۆنگرەیە سیناریۆیەکی تری گاڵتەجاڕانەیە و هیچ ئومێدێکی خێری لێناکرێت بۆ ئازادیی رۆژنامەنووسیی و سوودی رۆژنامەوانان ، تاکە ئەرکێك لەم دەرفەتەدا لەبەردەم تاکی رۆژنامەنووسدا بێت لە بایکۆتکردن بەولاوە هیچی ترنییە .

**ئاسۆ:**لەغیابی کارنەکردنی سەندیکادا بۆ رۆژنامەوانان چەندین گروپ و کۆمیتە بۆ بەرگریی لەرۆژنامەوانان پێکهاتووە ، ئێوەش وەك گروپی راچەنین کەلە رۆژی 3\5\2007 خۆتان راگەیاند تاکە گروپێك بوون بەکردەوە لەسەر مافەکانی رۆژنامەوانان هاتوونەتە دەنگ ، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە مینحەی رۆژنامە ئەهلییەکان بڕاوە یان کەمکراونەتەوە ئەمجارەش وەك هەموو جارەکانی تر سەندیکا هەر بێدەنگە ، ئێوە وەك راچەنین لەسەر ئەم بڕیارە چ هەڵوێستێکتان هەیە ؟

**ستیڤان شەمزینانی :** هەوڵدەدەم لەوێوە دەست پێبکەم بۆچی حکومەت مینحەی مانگانەی رۆژنامە ئازادەکانی بڕیوە؟ بڕینی مینحەی مانگانەی رۆژنامە ناحیزبی و سەربەخۆکان دوور و نێزیك هیچ پەیوەندییەکی نییە بەو دەستگرتنەوەیەی حکومەت پەیڕەوی دەکات ، زێدەتر وابەستەیە بەسیاسەتی خەفەکردن دەنگی ئازاد و ناڕازی لەم دۆخە، وەختێك حکومەت دەگاتە ئەو ئەنجامەی ناتوانێت گەندەڵی بنەبڕ بکات چون لەرەگەوە هەڵکێشانی گەندەڵی بەدیوەکەی تریدا مەرگی خۆیەتی ، بۆیە رێگە ئاسانەکەی هەڵبژاردووە لە کپکردنەوەی دەنگ و رەنگی کەناڵ و دەروازە ئازادەکان تا رووخساری گەندەڵی بشارێتەوە نەك لەناوی بەرێت .

ئەم هەڵوێست و هەنگاوەی حکومەت (بڕینی مینحەی مانگانەی رۆژنامەکان) نەك جێگەی قبوڵکردن و بێدەنگیی نییە بەڵکو پێویستی کارکردنی جددی دەهێنێتە پێشەوە بۆ دروستکردنی گوشار لەسەری تا چاوخشاندنەوەیەکی خێرا بکاتەوە بەو بڕیارەیدا ، سەیرمان کردەبەدەر لەو سەندیکایەی کەهەرگیز قسەو هەڵوێستی جەریئانەی نەبووە لەمەڕ پێشلکارییەکانی بواری رۆژنامەوانیی لەکوردستان بەداخێکی زۆرەوە خودی ئەو رۆژنامەو دەستەو رۆژنامەنووسانەی خۆیان بەئازاد و بەرگریکاری ئازادیی رۆژنامەنووسیی دەزانن بێدەنگیان هەڵبژاردووە !! بەجۆرێك بێدەنگی باڵی کێشاوە بەسەریاندا وەك ئەوەی هیچ لەگۆڕێدا نەبێت یان بڕینی مانگانەو دەمکوتکردنی رۆژنامەو بلأوکراوە سەربەخۆکان هیچ دیو و رەهەندێکی نێگەتیڤی نەبێت لەسەر واقیعی سیاسی و کۆمەلأیەتی کۆمەڵی کوردەوارییی .

وەك وتم ئێمە لەم حکومەتە هەر ئەوە چاوەڕێ دەکەین مینحەی رۆژنامەکان ببڕێت وببیدات بە تەکیە و خانەقا و دیوەخانەکان ، هەرئەوە چاوەڕێ دەکەین رۆژنامەنووس بترنجێنێتە زیندانەوە و خیانەتکار و نیشتمانفرۆشیش بەئازادیی لەسایەیدا تەراتێن بکات .پاشان لەسەندیکای رۆژنامەنووسانیش چاوەڕوانییەکی ئەوتۆمان نەبووە و نابێت چون بەدرێژایی چەند ساڵی تەمەنی ئەو سەندیکایە لە نێزیکەوە ئەو راستییە تاڵەمان دەرککردووە سەندیکا تەنیا سەندیکای زەوی وەرگرتن و بارەگایەکی بچووکی بەرەی کوردستانییە و بڕایەوە ، ئەوانەی ئەرك دەخەنە سەرشانی جگە لەشەڕ فرۆشتن پێی هیچ مەبەستێکی تریان لەهەگبەدا نییە !!.

ئەو بەپێویستی دەزانێت لەمەڕ پێشهاتێك کەپەیوەندیی بەوەوەنییە قسەی هەبێت ، یان بەکاری خۆی دەزانێت بەیاننامە لەدژی لایەنێکی سیاسی دەربکات لەبەرخاتری دڵڕاگرتنی دوو دیکتاتۆرترین حیزبەکەی کوردستان بەلأم گوێی خۆی دەخەوێنێ لەبەشداریی کردن لەهەڵوێست و قسەکردن لەبارەی بڕین و کەمکردنەوەی مینحەی مانگانەی رۆژنامە ناحیزبییەکان کەئەمەیان گەورەترین مەترسی هەیە لەسەر کرانەوە و دیموکراتیزەو پێشخستنی کۆمەڵگە رووەو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و هاوچەرخ .

ئەگەر بەبیرت بێتەوە رۆژی راگەیاندنی گروپی راچەنین رۆژێکی ناڕەزایەتی بوو ، ئێمە لەرێی نمایشێکی نارازییانەوە پێمان خستە سەرزەمینی واقیعی کار ، بۆیە داکۆکیکردن لەئازادیی و بەرفراوانکردنی ئەم ئازادییەمان لە ئەولەویەتی کاردا داناوەو درێغی ناکەین لەو بوارەدا ، لەم چوار مانگانەی تەمەنی گروپەکەشدا زێدەتر لەوەی لەم دەرفەتە کەمەدا دەتوانرێت ئەنجام بدرێت کارمان کردووە بەتایبەت لە بەدواداچوون و داکۆکیکردن لەکەیسی رۆژنامەنووسانی راکێشراو بۆ بەردەم دادگا بە بیانوو و پاساوی جۆراوجۆرەوە وەك دۆسێی رۆژنامەنووس ( رێبین ).

راچەنین لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەنگۆی بڕینی مینحەکان و سەرەتای کاردا بەیاننامەیەکی ناڕەزایەتی دەرکردووە بۆ پڕۆتستۆکردنی ئەو بڕیارەی حکومەت ، لەگەڵ ئەوشدا داوایکردووە هەموو لایەك هەنگاو وهەڵوێستەکانمان یەکبخەین بۆ بەرگرتن بە پراکتیکی ئەم هەنگاوە مەترسیدارە لە بێدەنگکردنی نوزەیەکی ئازاد کەلەم وڵاتەدا هەیە. هەڵبەتە لە رۆژانی داهاتوودا بەشێوەی کرداریی دێینە مەیدانەوە هەر لەدروستکردنی هەڵمەتی راگەیاندنەوە تا بەرێخستنی کەمپین و چالاکی رەنگاورەنگی تر .

هەرلێرەوە رایدەگەیەنم ئەگەر حکومەت ملی بەخواستەکانمان نەداو سووربوونی خۆی راگەیاند لەسەر ئەو بڕیارە دوورنییە گروپی راچەنین خۆپیشاندان سازبکات ، بۆیە بەدڵنیاییەوە نالێم خۆپیشاندان دەکەین چونکە هێشتا روون نییە بەئەندازەی پێویست رۆژنامەنووسمان هەیە ئامادەبن خۆپیشادان بکەن ، بەڵام ئێمە هەنووکە سەرگەرمیی ئامادەکردنی رێوشوێنی پێویستین بۆ ئامادەکردنی کۆبوونەوەیەکی گشتیی بۆ هەمان مەبەست .

پاشان بەشەخسی خۆم وەك نوێنەری راچەنین بەشداریی لەکۆبوونەوەی نارازییانەنەی رۆژی 2\9\2007 دەکەم ، لەویَ وترم دەبێت و لەو رووەوە بانگی رۆژنامەنووسانی ئازاد دەکەم بۆ پێویستیی کاری هاوبەش تا بەهەموو لایەکمان بتوانین ئەو بڕیارەی حکومەت پووچەڵ بکەینەوە .

بەکورتی گروپی راچەنین بەهەموو کۆسپەکانی بەردەمییەوە ئەجیندەیەکی باشی هەیە بۆ کارکردن و بڕیاریداوە نەوەستێت ، بەڵام تاچەند هەنگاو وچالاکییەکانی کاریگەریی دەبێت لەسەر حکومەت و گۆڕین و هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارە ئەوە لەکاتی خۆیدا وەڵام دەدرێتەوە .

**ئاسۆ:** ئێستا بەشێکی زۆر لە ئەدای کاری سەندیکا و کۆنگرەی تازەی سەندیکا نارازین ئێوە وەك گروپی راچەنین هیچ چالاکییەکتان بەدەستەوە نییە بۆفشار خستنە سەر ئەم کۆنگرەیە تا ئەمیش بەدەردی کۆنگرەکانی پێشووی سەندیکای رۆژنانەنووسان نەچێت ؟.

**ستیڤان شەمزینانی :** پێشدەستی گوناه و کوفرێکی ئێجگار گەورەیە بەو بەرەی کوردستانییەی رۆژنامەنووسە حیزبییەکان بڵێین سەندیکا ! پرسیار لەتۆ دەکەم کام مەرج و تایبەتمەندیی سەندیکایەکی پیشەیی تێدایە ؟ سەندیکا بۆ سەرژمێریی کردن وناسنامەبەخشینەوە دروست نابێت بەڵکو کاری داکۆکیکردنی شێلگیر و بردنە پێشەوەی خواست و مافەکانی چین یان توێژە کۆمەڵایەتییەکەیەتی ، لەئەوروپا کاتێك دەوڵەت یان کۆمپانیایەك بڕیاری فائیزکردنی ژمارەیەکی کەم یان زۆر لەکرێکاران دەردەکات سەندیکاکانی کرێکاران پاساوی چەواشەکارانە و نارەوا بۆ ئەو بڕیارە ناهێننەوە بەڵکو هانی کرێکاران دەدەن بۆ مانگرتن و راوەستانی جوڵەی بەرهەمهێنان ودەربڕینی ناڕەزایەتی توند، سەندیکاکانی چین و توێژەکانی تریش هەربەهەمان شێوە .

بەڵام ئەو (سەندیکا) یەی من وتۆ لەبارەیەوە دەدوێین زۆربەی جار رۆڵی هەیە لەخراپترکردنی رەوشی رۆژنامەوانی لەکوردستان ، بەپێی ئامارێك کەمن لە لەخاتوو ( رووناك فەرەج )سەرنووسەری رۆژنامەی (رێوان )م

بیستووه 95٪ رۆژنامەنووسانی کوردستان کریچین ! لەوەختێکدا ئەمە رەوشی ژیانی رۆژنامەوانی کوردە سەندیکا چی کردووە بۆ پەیداکردن و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆیان ؟هەڵبەتە هیچ .
لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر کاکڵەی پرسیارەکەت : ئێمە نەك هەر لەئەدای سەندیکا ناڕازین و رەخنەی زۆرمان هەیە لەسەری تا سنووری رەتکردنەوە بەڵکو خودی ستراتیژ و بەرنامەی بنەڕەتی ئەم (سەندیکا)یە بەدژ وپێچەوانەی خواستەکانی رۆژنامەوانانی کوردستان دەزانین .!!
ئەو کۆنگرەیەشی وابڕیارە لەمانگی ئەیلولی داهاتوودا بیبەستن هەرلەئێستاوە بەدیارکەوتووە کۆنگرەیەکی ناشەرعییەو هیچ خەسڵەت و پرەنسیپێکی دیموکراسیی تێدا پیادە ناکرێت ، هەر لەهەنووکەوە دیارە چۆن پۆستەکان و لەنێوان کێ وکێدا دابەش دەکرێن ! بەدەر لەهەمووو ئەمانەش لیستی حیزبی یۆ هەڵبژاردنەوەی ئەنجوومەنی بالأونەقیبی سەندیکا هێندەی تر پرۆسەکە بەرەو گاڵتەجاڕیی زێدەتر دەبات و دەیکاتە مەخسەرەی ئێمەی ئۆپۆزیسیۆن و ناڕازی .
وەك گروپی راچەنین بەیاننامەیەکی دژمان دەرکردووە کەپتر لەشێوەی بانگەوازێکدا خۆی دەبینێتەوە لەژێر ناوی ( گروپی راچەنین بایکۆتی کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات ).ئەم هەڵوێستە خاڵی سەرەتایەو بێگومان هەنگاوی پراکتیکی زۆرترو چڕوپڕترمان دەبێت ، لەرۆژانی داهاتوودا لەرێی هۆیەکانی راگەیاندنەوە بەبەربلأویی هەڵمەتێکی ناڕەزایەتی دژی ئەو کۆنگرەیە دەست پێدەکەین ، پاشتر داوامان لە نووسەر و رۆژنامەوانان کردووە بەنووسین و هەڵوێست وەرگرتن وکاری جددی دژی ئەو کۆنگرەیە بوەستنەوە و بایکۆتی بکەن ، دیسان بۆ هەمان مەبەست و بەئامادەبوونی دەیان رۆژنامەنووس لەسەرەتای هەفتەی دادێ کۆبوونەوەیەکی کراوەو فراوان سازدەکەین بۆ یەکخستنی هەڵوێستەکان و شێوازی رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سەندیکاو کۆنگرە کۆمیدییەکەیان .
رەنگبێ گرنگترین کار لەرۆژی بەستنی کۆنگرەکەدا ئەنجام بدەین ئەویش ئەوەیە لەدەرەوەی هۆڵی کۆنگرە مانگرتن و میتینگێکی دەیان کەسی سازدەکەین و داوادەکەین شەرعیەت نەدرێت بە دەرەنجامەکانی ئەو کۆنگرەیە تا ئەوکاتەی سەندیکایەکی پیشەیی کارا دێتەبوون کەلەخواست و داوای رۆژنامەنووسانەوە سەری دەرهێنابێت نەك بە ئیعازو ختووکەدانی حیزبە دیکتاتۆرەکانی کوردستان ، بێ هیچ دوودڵی و سڵەمینەوەیەکیش راچەنین بۆ ئەم کارانە دروست بووە و فەلسەفەی بوون و هاتنە مەیدانی بۆ بەرگرتن بووە لەچەواشەکردنی رۆژنامەنووس لەرێی سەندیکایەکی زەردی وەك سەندیکای رۆژنامەنووسانەوە .
وەك خۆشم پێشنیارم کردووە بۆ راچەنین کەمپینێك رابگەیەنین لەژێر دروشمی (بەرەو پێکهێنانی سەندیکایەکی رۆژنامەنووسیی کارا )،ئەم کارەیان تاچەند سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت بەپلەی یەکەم پەیوەستە بەسووربوون وجددییەتی ئێمەو بەدەنگەوەهاتنی رۆژنامەنووسان ، زۆر بەکورتی دەڵێم ناهێڵین ئەو کۆنگرەیە بەئاسانی و لەنێو چەپڵەرێزانی ئامادەبووندا تێپەڕێت ، دەنگی ناڕەزایەتی دەجوڵێنین و هەراوهوریاو غەڵبەغەڵبێك دروست دەکەین کەجەستەی مردوو و بەبەردبوونەوەی ئەو سەندیکایە رابچڵەکێنێت .
**ئاسۆ:** سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان بەردەوام ڕووبەڕویی دەیان ڕەخنەدەبێتەوە و بەشێکی زۆری ڕۆژنامەنوسانی کوردستان ئەم سەندیکایە بەوە تاوانباردەکەن کە نەی توانییوە وەك پیویست داواکارییە کانی ڕۆژنامەوانان بەدیبێنێت پرسیارەکەیمن ئەوەیە ئێستا سەندیکای ڕۆژنامە نوسان لەسەروبەندی بەستنی کۆنگرەدایە پێتان وایە کۆنگرە ئەتوانێت کەموکوڕییەکان چارەسەر بکات ؟

**بەهێزحسێن :** لە ڕاستیدا کۆنگرە ویستگەیەکی گرنگە بۆ پێداچوونەوە بە کار و بڕیار و ئەزموونەکانی پێشووی سەندیکا و باڵادەسترین نێوەندی دەسەڵات و بڕیاریش دەبێت ، ئەمە لە لایەنی تیۆرییەوە بەڵام بەداخەوە لە واقیعی کوردستان وەك بەشێك لە کلتوری ڕۆژهەڵاتی کۆنگرەکان ببەسترێن یان نا وەك یەك وان ، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەهۆی ئەوەی هەر لە سەرەتادا لە کەشێکی تەندروستدا دانەمەزرا و یەکگرتنەوەی سەندیکا و یەکێتی ڕۆژنامەنووسانیش بەهەمان چەشن، بۆیە تا ئێستا بە ڕێکخراوێکی پیشەیی تەندروستی نابینم ، تاعینات و تەوجیهات و ئەمری حیزبی دەستی لە بینی ئەو سەندیکایە توندکردووە و ئومێدم نییە هەروا زوو ڕزگاری ببێت .

کۆنگرەی ئەمجارەی سەندیکاش بەو حاڵەی ئاماژەم پێکرد سەرکەوتوو نابێت و جگە لە پارە خەرجکردن و شەرعییەتدان بە ناشەرعییەکی گەورە هیچی تر نابێت ، چونکە دیسانەوە وەك جارانی پێشوو پۆستەکان وەك بەشی حیزبەکان دابەشکراوە و ئەمەش گەورەترین زەربەی لە سەندیکا خۆیی و سەرجەم ڕۆژنامەوانان و ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی کوردی داوە ، بۆیە پێموایە ئەوانەی دەشچنە کۆنگرە ئەم ڕاستییە دەزانن و زۆریشیان پێ ئاساییە بە چەپڵە دەنگ بە لیستی حیزبەکان بدەن و سەندیکایەکی تر بە ڕوویەکی ترو هەمان ناوەڕۆکەوە دروست بکەنەوە کە جگە لە بێدەنگی کارێکی تری نابێت .

**ئاسۆ:** ئێستا بەشێکی زۆر لەڕۆژنامەوانان لە ئەدای کاری سەندیکاو کۆنگرەی تازەی سەندیکا ناڕازین ئیوە وەك گروپی ڕاچەنین هیچ چالاکیەکتان بەدەستەوە نیە بۆفشارخستنە سەر کۆنگرە تا ئەم کۆنگرەیە بەدەردی گۆنگرە کانی پێشوی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان نەچێت؟

**بەهێزحسێن :** هەرکەسە و بە توانا و هەوڵی خۆی کاری پێدەکرێت بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری لە نێو سەندیکادا ، ئێمە وەك گروپی ڕاچەنیین پێشتریش ڕامانگەیاندووە کە دژی سەندیکا نین و بوونی سەندیکایەکی کارا و ئەکتیڤیش بۆ حاڵی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەریی زۆر بە پێویست دەزانیین ،بەڵام نەك ئەو سەندیکایەی کە هەبووە و نەیتوانیوە بە ئەرکەکانی خۆی هەستێت لە بەرگریکردن لە ڕۆژنامەنووسان و ئازادی ڕۆژنامە و .. هتد ئەوەی تا ئێستا ئێمە دیومانە سەندیکایەك بووە لەسەر موجامەلەکردنی دەسەڵات ژیاوە و بە درێژایی تەمەنی خۆی وێڕای بوونی دەیان دەستدرێژی بۆسەر ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامە و ئازادی بیرورا تەنها (10 م ) ڕێپێوانی نەکردووە، ڕاپۆرتی ساڵانەی دەربارەی ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان بڵاونەکردۆتەوە ، نەیتوانیوە پرۆژەیاسایەکی کاری ڕۆژنامەنووسی کە ڕۆژنامەنووسان پێی ڕازی بن بە فشار بۆسەر حکومەت بکاتە یاسایەکی دانپێدانراوی فەرمی و پرۆژەیەکی بۆ پەیمانی کاری ڕۆژنامەنووسی نەبووە ، باشە ئەگەر سەندیکایەك ئەمە نەکات ئەرکی چییە!؟ بۆیە حەقی خۆمانە کە لە جۆرە سەندیکایەکی ئاوا ناڕازی بین و کار بۆ ئەوە بکەین باشتر بهێنێتە ئاراوە ، ئێمە وەك گروپی ڕاچەنین چالاکیمان دەبێت و داواش لە سەرجەم ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەکەین کە بەم فۆڕم و ناوەڕۆکەی سەندیکای ئێستا ناڕازین لە شارەکانی کوردستاندا پەیوەندی بە گروپەکەمانەوە بکەن و بێنە پای چالاکییەکانمان ، ڕاستە ڕەنگە بە ئێمەش ئەم واقیعەش نەگۆڕین بەڵام هەر نەبێ ئەو سەندیکایە ڕادەچەنێنین و سەرکردایەتی پێشوو بە ئاگادێنینەوە لەوەی ئەوان کەمتەرخەم و سازشکاربوون لە ئاست ڕۆژنامەنووسان و ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی ، کە لێرەدا دەمەوێت ئەوەش ئاشکرا بکەم کە ئێمە داواش لەو کۆنگرە دەکەین گەر بۆیان دەکرێت سەرکردایەتی پێشووی سەندیکا بێنە بەر لێپرسینەوە ، چالاکی تریشمان بەدەستەوە دەبێت کە ڕەنگە سەندیکاش پێشبینی نەکات ، بۆیە لەکاتی خۆیاندا ڕایان دەگەیەنین . .